# داهاتووی ژیانی مرۆڤ و ژینگە لە ڕوانگەی زانایەکی سەردەمەوە



یوڤال نوح هەراری

نووسینی: نادر فەتحی بۆکانی (شوانە)
١٠ _ ٠٦ _ ٢٠٢٠

یوڤال نوح هەراری مێژووناسێکی ئیسرائیلییە، لە ساڵی ١٩٩٣ەوە لە زانستگەی ئورشلیم لە بواری مێژوو دەرسی خوێندووە؛ هەر لە سەرەتاوە تامەزرۆیی بۆ مێژووی نەزم و نیزامی جیهان لە خۆی نیشان داوە و خۆی بە مێژووی جیهانەوە خەریك کردووە. چەندین کتێبی لەسەر مێژووی جیهان نووسیوە و بەتایبەت سێ کتێبی بە ناوی "کورتە مێژووی مرۆڤ"، "مێژووی دواڕۆژی مرۆڤ" و "ئەرك و ئەزموونەکانی سەدەی ٢١"ی بڵاو کردۆتەوە کە لە ناو خەڵک و ڕووناکبیرانی سەردەمدا ناویان دەر کردووە. من هەرسێک کتێبەکەم وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لەسەر ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات / بۆکان بە شێوەی زنجیرە بابەت بڵاو دەکرێنەوە.
جێی ئاماژە پێکردنە کە حکوومەتی ئیسلامی ئێران لەو دواییانەدا چاپ و خوێندنەوەی ئەو کتێبانەی قەدەغە کردووە و هەر کەس خۆ لەو کتێبانە بدا سزایان بەسەردا دەسەپێنێ.

یوڤال نوح هەراری مرۆڤێکی زانای سەدەی بیست و یەکەمە کە بە تەواوی توانائەوە هەوڵ دەدا کێشەکانی جیهانی ئەمڕۆ و داهاتووی بوونەوەران و ژینگەی دەوروبەرمان بە گوێی مرۆڤ ڕابگەیێنێ و ئاگادارمان بکاتەوە کە ئەگەر ژیانی مرۆڤ هەر بەو شێوازەی دەچێتە پێش،

درێژەی هەبێ، لە داهاتوویەکی گەلێك نیزیکدا ژیانی خۆمان و هەموو بوونەوەرانیتر دەخەینە مەترسییەکی سامناکەوە.
لە دوایین گوتەکانیدا لەسەر بارودۆخی ژینگە و داهاتووی ژیانی مرۆڤ و بوونەوەرانی سەر زەوی دەڵێ:

"بەتایبەت لە ماوەی چوونە ناو دەیەی سێهەمی سەدەی بیست و یەکەمدا مرۆڤایەتی لەگەڵ کێشە و ناکۆکییەکی گەلێك جیددی ڕووبەڕوو بۆتەوە. دەبێ وریا بین چونکە زۆر دژوار دەتوانین بزانین کام کێشە لە هەموو ئەوانیتر گرنگترە کە لە پلەی یەکەمدا خۆمانی پێوە خەریك کەین. هەوڵ دەدەم بە کورتی ئاماژە بەو کێشانە بکەم کە لە داهاتوودا دەتوانن لەسەر ڕێگای مرۆڤ قوت ببنەوە. لەو ناوەدا سێ کێشە بوون و نەبوونی مرۆڤ و ژینگەی دەوروبەرمان دەخەنە ژێر پرسیارەوە: "شەڕی ناوکی"، "شێواندنی بارودۆخی ژینگە" و "هەرەسهێنان بەهۆی تێکنۆلۆژییەوە". ئێمە دەبێ لە پلەی یەکەمدا خۆمان بەو سێ کێشە جیددیەوە خەریك بکەین.

ئەگەر باش سەیر بکەین ئەمڕۆ مەترسیی شەڕی ناوکی و تووناکردنی ژینگە بۆ هەر مرۆڤێك وێناکردنێکی گەلێك ڕوون و ئاشکرایە. ئیزنم بدەن لێکۆڵینەوەیەکی کورت لەسەر تەوەرێك بکەم کە کەمتر مرۆڤ لەگەڵیدا ئاشنان و خۆیانی پێوە خەریك دەکەن، ئەویش هەرەسهێنان بەهۆی تێکنۆلۆژیای نوێیە. بەردەوام لەسەر پێشکەوتوویی تێکنۆلۆژی بەڵێنی ژینێکی ڕاحەت و باشترمان پێ دەدرێ و بێ گومان زۆربەشیان ڕاستن. بەڵام تێکنۆلۆژی دەشتوانی کێشە بۆ درێژەپێدانی ژیانی بوونەوەران و ژینگە و بەتایبەت مرۆڤ پێك بێنێ. ئەو هەرەسهێنانە لە شێوەی هەڵس و کەوتی مرۆڤەوە هەتا پێکهاتنی دیکتاتۆری دیجیتالیی لە خۆی دەگرێتەوە. لە سەرەتاوە دەکرێ مرۆڤ ڕووبەرووی کێشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی ببێتەوە. کەرەسەی چێکراو و ئوتوماتیکی وەك ڕۆبۆت لە داهاتوودا شوێنی ئیش و کاری مرۆڤێکی زۆر دەگرێتەوە. سەرەڕای ئەوەی شوێنی کاری نوێش پێك دێن، ڕوون نییە مرۆڤ بتوانێ بە خێرایی لێهاتوویی بۆ ئەو کارە دۆزراوە نوێیانە لەخۆی پیشان بدا و بتوانێ بەڕێوەیان بەرێت. بۆ وێنە دایبنێین ئێوە شۆفیرێکی پەنجا ساڵەی لۆرییەکن و بەهۆی دروستکرانی لۆریی ئوتوماتیکی بێ شۆفیرەوە، کارەکەتان لە دەست داوە. کاری نوێ وەك نووسینی پرۆگرامی کامپیۆتری یا مامۆستای یۆگا و ... پێك دێن، بەڵام چلۆن دەتوانێ شوفیرێکی پەنجا ساڵەی لۆری بە گورجی خۆی بکاتە

موهەندسێکی پڕۆژەی پرۆگرامی کامپیۆتری؟ سەرەڕای ئەوەش ئەوە تەنیا یەك جار نییە کە مرۆڤ دەبێ خۆی لەگەڵ پیشەی نوێ بگونجێنێ، بەڵکوو بەهۆی شۆڕشی ئۆتۆماسیۆن کە بەردەوام گۆڕانی بەسەردا دێ، بە پێی کات چەندین جار دەبێ گۆڕان بەسەر لێهاتوویی کاریی خۆیاندا بێنێت و بەهۆی شەپۆلی گەورەتر و گوشاری جیددیترەوە دەبێ بتوانێ هاوسەنگی بازاری کاریی ڕابگرێت.

لە سەردەمەکانی پێشوودا مرۆڤ دژ بە چەوسانەوە بەربەرەکانیان دەکرد، لە سەدەی بیست و یەکەمدا بەربەرەکانی دژ بە بێ مانایی دەبێ. واتە بوونی مرۆڤ و تواناکانی هیچ پەیوەندایەتییەکی بە نیازەکانی کۆمەڵگاوە نابێ. ئاکامی نەرێنی بەربەرەکانی دژ بە بێ مانایی و بێ کەڵك بوون گەلێك زیاتر لە بەربەرەکانی دژ بە چەوسانەوە دەبێ. ئەو کەسانەی لە بەربەرەکانی دژ بە بێ مانایی شکست بخۆن و ببەزێن، لە ڕوانگەی سیستەمی ئابووریی - سیاسییەوە چینێکی بێ مانا و بێ کەڵکیان لێ دروست دەکرێ کە بە پێی کات مەودا و بۆشاییەکی زیاتر لە نێوان ئەو چینە و بلیمەتانی کۆمەڵگا کە پەیتا پەیتا بەهێزتر دەبن، دروست دەبێت. شۆڕشی بیر و مێشکی چێکراو دەتوانێ نابەرابەرییەکی گەلێك بەرچاو دروست بکات، نەك هەر لە نێوان چینە کۆمەلایەتییەکان بەڵکوو لە نێوان وڵاتانی جۆر بەجۆریشدا.

لە سەدەی نۆزدەدا وڵاتانی وەك بریتانیا و ژاپۆن لەسەرەتاوە شێوەی پیشەسازییان لێ دروست کرا و دواتر دەستیان کرد بە گرتن و لەژێر کونترۆڵگرتنی وڵاتانی دوور و نیزیکیان و هەوڵی چەوسانەوەی مرۆڤەکانیان دا و کارەساتی دڵ تەزێنیان خوڵقاند. ئەگەر وریا نەبین و ئاگامان لە خۆمان نەبێ ئەو کارەساتە جارێکیتر دووپات دەبێتەوە بەڵام بەو جیاوازییەوە کە ئەم جارەیان لە لایەن بیر و هۆشی چێکراوەوە بەڕێوە دەچێ.

ئێمەی مرۆڤ هەر ئێستا لە ناو کێبەرکێی بیر و هۆشی چێکراودا جێمان گرتووە. وڵاتانی چین و ئەمریکا پێشڕەوی ئەو کێبەرکێیەن و وەپێش زۆربەی وڵاتانی جیهان کەوتوون. ئەگەر لەو کێبەرکێیەدا هەوڵ بۆ قازانجی هەموو وڵاتانی جیهان نەدەین، هۆش و بیری چێکراو سەرمایەی جیهان لە دەست هێزێکی سنوورداردا ڕادەگرێ و زۆربەی وڵاتانی جیهان یا مایەپووچ دەبن یە لە ژێردەستی هێزداراندا دەچەوسێنەوە. ئێمە لێرەدا باس

لەسەر شۆڕش و هێرشی ڕۆبوت دژ بە مرۆڤ ناکەین، باسی ئیمە لەسەر بیر و هۆشی چێکراوی هێشتا پەرەنەسێنراوە، کە هەر خۆی بۆ تێکدانی هاوسەنگیی ئەم جیهانە، بەسە.

دەتوانین لە بەر چاوی خۆمان وێنای بکەین چ ڕووداوێك بۆ وڵاتانی لە حاڵی پەرەسەندنی ئابووری دەخولقێت کاتێ بۆ وێنە بەهای بەرهەمهینانی پارچە و ئوتومبیل لە کالیفۆرنیا هەرزانتر لە مکزیك بێ. بیری لێ بکەنەوە لە ڕوانگەی سیاسییەوە چ لە وڵاتەکان ڕوو دەدا، کاتێ کەسێك لە کالیفۆرنیا یا پیکەن زانیاریی پێشینەی پزیشکی و کەسیی هەموو سیاسەتوانان، دادپەروەران و ڕۆژنامەنووسانی وڵاتەکانیان لەبەر دەست دابێ. بەتایبەت ئەگەر ڕووداوی سێکسی و خاڵە لاوازەکانی ژیانیان وەك مامەلە و گەندەڵیی ئابووریان بناسن، ئایا دەتوانین ئەو وڵاتە بە سەربەخۆ لە ئەژمار بێنین؟ لە داهاتوودا بۆ چاوەدێریکردنی وڵاتان هیچ پێویستییەك بە ناردنی هێزی نیزانی و سەربازی ناکا، بەڵکوو بەهۆی پیکهاتنی دیکتاتۆری دیجیتالییەوە دەتوانن هەر کات و ساتێکیان لەژێر چاوەدێری بگرن و کونتڕۆڵیان بکەن. ئەو مەترسییە دەکرێ لە فۆرمۆلێکی ساکاردا بەیان بکرێ کە بە بڕوای من فورمۆلێکی بڕیاردەری پڕ بە پێست بۆ سەدەی بیست و یەکەم دەبێ. (B.C.D=A)

B: زانستی بیۆلۆژیکی؛ لێکی بدە لەگەڵ

C: توانایی حیسابکردنی کامپیۆتر؛ ئەویش لێکبدە لەگەڵ

D: زانیاریی کۆکراوی کامپیۆتری بە مەبەستی بڕیاردان؛ کە بەرانبەرە بە (A: ability)، واتە توانایی هەك کردنی ئینسان.

ئەگەر مرۆڤێك بە ڕادەیەکی کافی زانیاریی بیۆلۆژیکی هەبێ و توانایی حیسابکردنی کامپیۆتەریشی هەبێ، دەتوانێ لەش، مێشك و ژیانی مرۆڤەکان "هەك" بکات (واتە بیکاتەوە)، دەتوانێ لەوان باشتر ڕوانگەی سیاسی، تامەزرۆیی جینسی، لاوازییەکانی ڕۆحی، و قووڵترین ئارەزوو و ترسەکانمان بناسێ. ئەو سیستەمە زانایە بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ زانیاری خۆمان لەسەر خۆمان، زیاتر زانیاریی لەسەر ئێمە دەبێ. سیستەمێك کە لێهاتوویی و توانا و لاوازییەکانی ئیمە لە خۆمان باشتر دەناسێ، دەشتوانێ بڕیارەکانمان پێشگویی بکا و کارتیکەریی لەسەریان هەبێت و لە کۆتایی

کاردا لە جیاتی ئێمە بڕیارمان لەسەر بدات. لە ڕابردوودا زۆربەی حاکمان یەك لە ئارەزووەکانیان ئەوە بوو کە بتوانن بە بێ کێشە بڕیار لەسەر مرۆڤی کۆمەڵگاکان بدەن، بەڵام ئەو سەردەمە کەس زانستی بیۆلۆژیکی نەبووە، توانای حیسابکردنی کامپیۆتەریی نەبووە هەروەها زانیاری وردیان لەسەر مرۆڤەکان بەدەستەوە نەبووە بۆ ئەوەی بتوانن پێشگویی بیر و بۆچوون و بڕیارەکانی ملیۆنان مرۆڤ بکەن. نە گشتاپۆ و نە ک. گ. ب. هیچکامیان نەیاندەتوانی ئەو کارە بەڕێوە بەرن. بەڵام لە کاتێکی نەك دووردا تاقمێك لە دەوڵەتان و بلیمەتان دەتوانن هەموو مرۆڤێکی سەر ئەم هەردە هەك بکەن. ئێمەی مرۆڤ ئیتر دەبێ خوو بگرین بەوەی ڕۆحێکی نادیار و نامۆ نین، ئێمە ئاژەڵێکین کە بە ساکاری دەتوانن لێمان تێ بگەن و کارتێکەرییان لەسەر بڕیارەکانمان هەبێت.

دیارە توانای هەك کردنی مرۆڤ دەکرێ لە ڕێگای ئەرێنیشەوە بەکار بهێنرێت. بۆ وێنە چاوەدێری و کونتڕۆڵی پزیشکی مرۆڤی سالم و نەخۆش، بەڵام ئەگەر ئەو توانایە بکەوێتە دەستی چەشنە دیکتاتۆرانێکی سەدەی نۆزدە و بیستەمەوە، سامناکترین حکوومەتانی سەردەمی لێ دروست دەبێ، کە دیکتاتۆرانی وەك ستالین و هیتلێر لە بەرانبەریاندا هیچ نابن."